داوای قەدەغەکردنی جگەرە و نەرگیلە و قەیپ دەکرێت



ئەمە هەینی ،رێکخراوی تەندروستی جیهانی، داوای قەدەغەکردنی هەموو تامەکانی تووتن و بەرهەمە نیکۆتینییەکان کرد.

 رێکخراوی تەندروستی جیهانی، بە بۆنەی رۆژی جیهانی نەهێشتنی تووتنەوە هۆشداری لەبارەی جگەرە و نەرگیلە و قەیپ بەاوکردەوە وتی، ئەو کەسانەی بانگەشەی بە دەکەن لە سەشیاە میدیادا بەرپرسیارن لە مردنی نزیکەی ٨ ملیۆن کەس لە سەرانسەری جیهاندا.

ئاماژەی بۆشکرد، تامەکانی وەک شیرینی پێتاتە تامی توندی بەرهەمکان دشارێنەوە و زیاتر سەرنجی بە هەرزەکاران رادەکێشن، ئەمەش وادەکات وازهێنانیان لە جگەرەکێشان قورستر بێت و ئێگەری تووشبوونیان بە نەخۆشییە سەختەکانی سییەکان زیاد دەکات.

باسی لەوەسکردووە، زیاتر لە ٥٠ وەاتی جیهان تووتنی تامداریان قەدەغەکردووە و زیاتر لە ٤٠ وەاتیش فرۆشتنی جگەرەی ئەلیکترۆنییان قەدەغەکردووە، لە هەندێک وەاتیش سنووردارکردنی زیاتریش

بەبەکارهێنانی نێرگیلە و ڤیپ دانراوە.

جێختی لەوەش کردووەتەوە، کە بانگەشەکردن بۆ ئەم مادە زیانبەخشانە لە سۆشیال میدیادا بەشدارە لە راکێشانی گەنجان بۆ ئەم بەرهەمانە، کە مادەی کیمیایی شێرپەنجەیی تێدایە و ساڵانە بەرپرسیارن لە مردنی نزیکەی ٨ ملیۆن کەس لە سەرانسەری جیهاندا.